کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-9-2007 2:15

**ئایین و شوێنکەوتووانی ... عەزیز ڕەئووف**

دین کەسێکی نەخۆشە، دکتۆرەکانی پشتگوێیان خستووە.
دیکارت
ئەی خەڵکینە، تا یەکترتان خۆشنەوێت ئیمان مەهێنن.
پێغەمبەری ئیسلام

قەیرانی تێنەگەیشتن و ڕاڤەنەکردنی ئایین یەکێکە لە ترسناکترین و پڕ گرفتترین قەیرانی کۆمەڵگەی ئێمە. بە ئاستەم لە ناوەندە فکری و ڕوناکبیریەکانی ئێمە دیالۆگێکی جدی نابینین سەبارەت بە ئایین و بوونی ئاین لە کۆمەڵگەدا. ئەمەش بەر لە هەر شت پەیوەندی بە تێنەگەیشتنی خودی ئاینەوە هەیە چ لای ئەوانەی شوێنی دەکەون و چ لای ئەوانەی ئایین بە هەموو ڕەمزو و دەلالەت ومێژوو و موقەدەسەکانیەوە ڕەوت دەکەنەوە. شوێنەکەوتووانی ئایین پێیان وایە کە بەر لە هەر ڕێباز و ئایدۆلۆژیایەکی دنیایی، ئایین بوونێکی پێویستە و هەر خافڵبوونێك لە ئاین خافڵبوونە لە خودا و دەرئەنجام گومڕایی دروست دەبێت، چونکە زۆرێك لە شوێنکەوتووەکانی ئاین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان کار لەسەر دابەشکردنی دنیا دەکەن بەسەر چاك و خراپ، بەهەشت و دۆزەخ، کافر و ئیماندار... هتد. بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی ئایین بە هەموو شێوەیەك ڕەت دەکەنەوە پێیان وایە ئایین سەرچاوەی توندوتیژی و تیرۆر و جەهل و دواکەوتوییە، هەڵگری ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە هەر دواکەوتنێکی کۆمەڵگە دەگەڕێننەوە بۆ ئایین و پێیان وایە گەڕانەوە بۆ ئایین گەڕانەوەیە بۆ ئەشکەوتە تاریکەکانی جەهل و نەفامیەت.

بەبڕوای من ئەم دوو جۆرە بۆچوونە دوو بۆچوونی تەواو هەڵەن و بەر لە هەر شت دوورمان دەخەنەوە لە ڕەخنەگرتنی عەقلانی و جدی لەسەر کۆنسێپت و چەمکە ئاینیەکان. ئەم جۆرە تێڕوانینانە بێشك لە ئاسۆکانی قبوڵنەکردنی جیاوازی و بۆچوونی ئازاد لە کۆمەڵگەدا دوورمان دەخەنەوە. دەبێ بەر لە هەر شت ئێمە بەو حەقیقەتە ئاشنا بین کە ئایین بریتی نیە لە ڕەفتاری کۆمەڵێ مەلای کۆلکە نەخوێندەوار کە بەرامبەر بە دیاردەکانی کۆمەڵگە دەنگی فتوایان بەرز دەکەنەوە، وە بە هەمانشێوە ئایین بریتیش نیە لە کردەوەی کۆمەڵێ موجاهیدی دینی کە ناتوانن لەدەرەوەی کتێبە پیرۆزەکان جیهان ببینن و کورتی و درێژی ڕیش و پان و پۆڕی حیجابی ژنان دەکەن بە پێوەر بۆ ئیمانداربوون.

شوێنکەوتووانی ئایین هەڵەیەکی مێژوویی گەورە دەکەن گەر پێیان وابێت ئایین یەك شێوە و یەك فۆرم و یەك جەوهەری هەیە. شوێنکەوتووانی ئایین دەکەونە بەردەم خۆماندوکردنێکی بێسودەوە گەر بیانەوێت ئایین لە پارتێکی سیاسیدا جێکەنەوە و ببن بە قسەکەری ئایین و موجاهید لە ڕیزەکانیاندا جێکەنەوە و شەڕی گروپ و هێزە نادینیەکانی پێ بکەن. سەرجەم باوەڕدارانی ئاینی دەبێت بەو حەقیقەتە ئاشنا بن کە ئاین بەر لە هەرشتێك خۆشەویستیە و گەر تاکەکان یەکتریان خۆش نەوێت ناتوانن بە جوانیەکانی خودا ئاشنا بن. نوکتەیەکی گەروەیە شوێنکەوتووانی ئایین پێیان وابێت کە بە شمشێر دەتوانن خودا لە ڕۆحی تاکەکاندا جێکەنەوە.

ئایین هێندەی پێویستی بە خوێنەری جدی و ڕۆشنبیر هەیە کە بتوانی ئایین وەك بوونێکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا ڕاگە بکات هێندە پێویستی بە موجاهیدی چەکهەڵگر نیە کە ناتوانێت ڕاڤەی تەنانەت دەقە پیرۆزەکانیش بکات، دەبێت ئەو ڕاسییە بزانین خودا هێندەی لە ساتی ئاشتی و ئارامی و هێمنیدا بە ڕۆحمان ئاشنا دەبێت، هەرگیز بە شمشێری ئیمانداران و تفەنگی دەستی موجاهیدەکانی ناو گروپە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە ناتوانێت لە جێیەك بۆخۆی داگیر بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:15 3-9-2007

ئایین هێندەی پێویستی بە تەفسیرە عەقلانیەکانی ئیبن ڕوشد و مەحوی هەیە، هێندە پێویستی بە تفەنگەکانی دەستی ئوسامە بن لادن و مەلا کرێکار و عەلی باپیر نیە. هەڵەی گەورە دەکەین گەر بڕوا بەوانە بێنین کە پێمان دەڵێن ئێمە لەپێناوی خودادا دەجەنگین، چونکە خودا هێندەی پێویستی بە خۆشەویستیە، ئەوەندە پێویستی بە موجاهید و جەنگاوەر نیە.

بۆ ئەوەی لە ئایین تێبگەین دەبێت بەر لە هەر شت پەنا بەرینە بەر دیالۆگ و ڕاڤەکردنێکی عەقلانی، دەبێت خۆمان بۆ ئەوە ڕابهێنین دیراسەی چەمك و مێژوو و بەها ئاینیەکان بە دیدێکی ڕەخنەگرانە بکەین، بەمەش بێشك دەتوانین ئایین لە لەوە قوتار بکەین کە هەڕەشەبێت بۆسەر کۆمەڵگە، چونکە ئیستا و بە هەوڵی شوێنکەوتوانی، ئایین بووەتە هەڕەشەیەك بۆ سەر کۆمەڵگە و هێندەی ئێمە لە کارەکتەرە ئایینەکانەوە خوێن دەبینین نیو ئەوەندە تەساموح و قبوڵکردنی جیاوازی و دیالۆگێکی مودێرن و عەقلانی هەستپێناکەین.

ئایین بۆ ئەوەی وەك ئایین بمێنێتەوە دەبێت کایەیەك بێت وەك هەر کایەیەکی تری کۆمەڵگە. ئیستا گروپە ئاینی و مەلا نەخوێندەوارەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هێندەی تر باری ئاینیان قورستر کردووە بەوەی کە دەیانەوێت ئایین لە هەموو شوێنێك و لە هەموو موناسەبەیەك و تەنانەت لە ئاهەنگ و سەماو مۆسیقاشدا ئامادەگی هەبێت، ئەمەش بێشك هێندەی دەستی هەیە لە ناشرینکردنی پایەکانی ئایین لە کۆمەڵگەدا، هێندە ئایین وەك بوونێکی تەندروست وێنا ناکات.

بۆ ئەوەی ئایین وەك چەمێکێکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئایین کۆنسێپتێك بێت بۆ خۆشەویستی و وێنا کردنی خودایەك لێوانلێو لە هێمنی و جوانی، دەبێت ئایین لەدەستی موجاهیدە چەکهەڵگرەکانی و ئەو مەلا نەخوێندەوارانە دەربهێندرێت کە ڕوویەکی تەواو ناشرین و قێزەون بە ئایین دەبەخشن. چونکە بێشك جوانیەکانی ئایین نە بە مەلا نەخوێندەوارەکان وێنا دەکرێت، نە بەو جەنگاوەرە ئایینیە تاکڕەهەندانەی کە بە یەك چاو کۆمەڵگە دەبینن.

azizrauf2003@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.